# راگەیاندنی رۆژنامەگەری

## خۆپیشاندانێکی ئاشتیخوازانە
## دژی دەستێوەردانی سوپای تورکیا لە باشوری کوردستاندا

بەبۆنەی یادی رۆژی جیهانیی ژنانەوە رێکخراوی ژنانی کورد دژ بە توندوتیژی (KWAHK)، بە مەبەستی نارەزایی دەربرین بەرامبەر بە ئەگەری دەستدرێژی کردنی سوپای تورکیا بۆ سەر خاکی باشوری کوردستان، خۆپیشاندانێکی ئاشتیخوازانە لە 10 Downing Street دا ساز دەکەن.

ژنی کورد لەژێر فەرمانرەوایی داگیرکەرانی کوردستان سەدان جۆر زەبروزەنگی چێشتووە. لەماوەی سی ساڵی رابردوودا ژنی کورد لە باشوری کوردستان و لەژێر دەستی رژێمی بەعسدا دوچاری زیندانیکردن، دەستبەسەری، دەستدرێژیی نامووس، ئەشکەنجە، راگواستن، کوشتن و جینۆساید بووە. ژنان یەکەمین قوربانیی دیکتاتۆری بەغدا بوون. لەگەڵ ئەمەشدا ژنی کورد هەردەم لەبەرگریدا بوون بۆ خۆپاراستن و بەدەستهێنانەوەی مافەکانیان. لە راپەرینەکەی بەهاری ساڵی 1991 بەدواوە ئەم خەباتە زیاتر پەرەی سەندووە. لەسایەی ئەم ئازادییە رێژەییەی کە لە ماوەی دوانزە ساڵی رابردوودا لە باشوری کوردستان لەئارادا بووە، ژنان رۆڵێکی گەورەیان لە بەمەدەنیکردنی کۆمەڵگەی کورددا بینیوە و لەخەباتی بەردەوامدا بوون دژی تۆتالیتاری و سیستەمی پیاوسالاری.

ئەمرۆ لە کاتێکدا جیهان لەنێوان بەرەی شەرخواز و ئاشتیخوازدا دابەشبووە کە هەریەکەیان ئامانجی تایبەتی خۆی پێشدەخات، پێویستە ژنی کوردیش پرۆژەی تایبەتی خۆی هەبێ بۆ ئاییندە. ئەگەری داگیرکردنی باشوری کوردستان لە لایەن سوپای تورکیاوە، ژنی کوردی خستۆتە ناو ترسێکی گەورەوە. داگیرکردنی باشوری کوردستان لە لایەن سوپای تورکیاوە، واتە لەناوچوونی سەربەخۆیی کوردستانی عێراق و ئەو ئەزموونانەی کە ژنی کورد لەماوەی دوانزە ساڵی رابردوودا وەدەستی هێناون.

زەبروزەنگی رژێمی تورکیا بەرامبەر بە کورد بەڵگەنەویستە: هەر لە کاتی دامەزراندنیەوە لە ساڵی 1923 وە تورکیا سیاسەتی قڕکردن و سڕینەوەی ناسنامەی بەرامبەر بە کورد پیادە کردووە. لەم ساڵانەی دواییدا، جەندرمەی تورک سەدان هەزار کوردی کوشتووە و 4500 شارۆچکە و لادێی کوردستانی وێران کردووە. هەزاران ژن لە زیندانەکانی تورکیادا ئەشکەنجە دراون و دەستدرێژیان کراوەتە سەر. ئەگەرچی تورکیا وەکو وڵاتێکی دیموکرات لەقەڵەم

دراوه، بەڵام سیاسەتی تورک بەرامبەر بە گەلی کورد، ئەگەر لە سیاسەتی رژێمی بەعس درندانەتر نەبووبێ باشتر نەبووە، ئەمە راستیەکە کە ناتوانرێ فەرامۆش بکرێ. ئێمەی ژنی کورد خوازیاری ئازادی و رزگارین لە هەموو رژێمێکی دیکتاتۆر.

بۆ ستایش لێنان لە یادی رۆژی جیهانیی ژنان کە سیمبولی ئازادی و رزگاریە بۆ ژن، ئێمەی ژنی کورد بە نیازی ئەم مەترسیانە و گەیاندنی داوا رەواکانمان بە رای گشتی و بەرپرسان، لە رۆژی دووشەممە، رێکەوتی 10/ 03/ 2003 دا خۆپیشاندانێک لەبەردەم ئیدارەی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیادا ساز دەکەین.

بەشداریتان پشتگیرییە لە خەباتمان بۆ ئاشتی، ئازادی، دادپەروەری و یەکسانی.

رێکەوت: رۆژی دووشەممە، 10/ 03/ 2003

کاتژمێر: 2.00 – 5.00 ی دوای نیوەڕۆ.

شوێن: 10 Downing Street